# هۆكاری دەرەكیی چارەنووسازە

**مەلا یاسین**

تیموری خۆرهەلاَت دورگەیەكی شاخاوییە، دانیشتوانێكی كەمی هەیەو زۆربەیان مەسیحی كاسولیكین.

لەم رۆژانەدا ئەم ناوچە بچوكە كە دانیشتوانەكەی تەنها 750.000 كەسە، واتە كەمتر لە دانیشتوانی شاری سلیمانی، بوون بە خاوەنی دەولَەتو دەسەلاَتو ئالاَو كورسی لە نەتەوەیەكگرتووەكاندا بە دانپێدانانی هەموو دنیاو بە ئاهەنگێك كە زۆرێك لەدنیا بەشداری كرد، ئەو سەرخۆبوونە ئاشكرا كرا.

ئەم دەولَەتە تازەیە ئەگەر سەفارەتخانەو نوێنەرایەتی سیاسیو بازرگانیو دیپلوماسیو كولتوری لەهەموو دنیادا دابنێن و خەلَكەكەیان بكەونە گەشتو گوزارو حكومەتێكیش بۆ خۆیان دابمەزرێنن، خەلَكی ناو ولاَتەكەیان ئەوەندە كەم دەبێتەوە كە بە دەعوەتێكی گەورە تێر بخۆن.

بەهەر حالّ پیرۆزیان بێ دەولَەتی نوێو نوخشەش بێ لە بێدەولَەتانی تری دنیا.

ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە ئەبێ جیاوازیی ئەوانو دنیاكەی تری بێبەش لەسەربەخۆییو دەولَەت چی بێ؟ بلَێی دوژمنەكەی ئەوان لە دوژمنەكانی ئەو گەلانەی تر بەبەزەیی تربن؟ یان ئەمان بەدەسەلاَت تربن؟ یان ئەم گەلەی تیموری خۆرهەلاَت ئازاتربن؟یان هۆكاری جوگرافی ناوچەكان كاری كردبێ؟

هەرچۆنێك بێ، لەگەلّ ئەوپەڕی پیرۆزباییم لەم گەلە كە لە دلَێكەوە دێت بێبەش لەوەی ئەمان پێی گەیشتوون و هەمیشە خەوی پێوە دەبینم، دەمەوێ بلَێم كە هۆكاری دەرەكیی كۆلَەگەی سەرەكی رزگاری و ئازادبوونی ئەم گەلە بوو. چونكە ئەگەر هۆكاری دەرەكییو كاری دیپلوماسیو خەباتی خۆبەدنیا ناساندن نەبوایە، كوفی ئەنانی سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتوەكان لەگەلّ چەندین سەرۆكو شاو سەرۆك وەزیران بۆ ئاهەنگی سەربەخۆییان بەرەو ئەم دورگە دوورەدەستە نەدەرۆیشتن. هەروەها لەگەلّ هۆكاری دەرەكیی، بەرخوردی ژیرانەی خۆشیان لەگەلّ دۆستو دوژمنو هەلَبژاردنی رێبازی مودێرنو لەگەلّ سەردەم گونجاویش رۆلَی گرنگیان بینی لەسەركەوتنیاندا.

# سوعبەتی سیاسی



**لەتیف فاتح فەرەج**

-1-

### پابەستانی سیاسی

جارێكیان سیاسییەكی كارای ئەم كوردەوارییەی خۆمان قسەیەكی جوانی كرد، گوتی: "فلاَنەكەس سەری ژان دەكات ئەوان (پێ)ی دەبەستن" لە گەمەی مشكو پشیلەكەدا، ئەگەرچی من باوەڕم بەتوندوتیژیی پشیلە نییە، بەلاَم هەمیشە مشكیش دەشێ لە ناوەوە پشیلەیەكیتر بێت، بەپێی ئەو پەندە باوە كوردییەی كە دەلَێ گای گاخۆریش هەیە، مشكەكان هەر مشك نین، بەلاَم مەبەستی من لێرەدا شتێكیترە، لە یاریی مشكو پشیلەكەدا، مشك بەردەوام شوێنی تازە دەدۆزێتەوەو بەردەوام فێلَی تازەش فێر دەبێت، ئەوەی بیەوێ مشكەكە تەمێ بكات دەبێت بزانێت لە كوێوە تەمبێی دەكات. باپێشتان بلَێم مشك بۆ پشیلەیەكی لەناودایە! لە ناویدایە لەبەر ئەوەی فیل ئەوەندەی لە مشك دەترسێ لە شێر ناترسێ.

-2-

### صحوفیو صح و فی

ئەو بەزمەی مامە شێخ رەزا عەسرێك لەمەوبەر بە شاعیری كرد گەر ئەمڕۆ بایە نەیدەوت شاعیر، دەیوت:

√ وX هێندە زۆر بووە لەم عەسرەدا
بووە بەحەشری نێرەكەر لەم حوجرەدا

ئێمە دەمێكە باس لە تەندروستبوونی دەربڕینی بیروڕای ئازاد دەكەینو هەمیشە گیرفانەكانمان پڕن لە نوقلّ بۆ ئەو سیاسیانەی شەڕ لەسەر ئازادی بیروڕادەكەن، بەلاَم قەومینە بڕواتان بێت، چۆن میلیشیای چەكداری سەر دەخوات، ئەمەش میلیشیایەكە لە قەلَەمی نەخۆش، هەندێك شت هاتۆتە بازاڕەوە كارەساتە. هەرزەكار بووین یاریچییەكی عەرەب هەبوو ناوی (عدنان طلیانی) بوو دلَمان پێیخۆش بوو واماندەزانی خەلَكی تلیانی ناوشوانە. نەنكێكم هەیە چۆن هەرگیز فێر نەبوو بلَێ یاسر عەرەفات، بە كلینتۆنیشی هەر دەگوت (بن كلك شین). دەلَێن ناوچۆن بنوسرێتو بگوترێت عەیب نییە. ئەرێ كەی ئەم هەموو صحوفیو√ وXیە لەیەكتر جیاكەینەوە تا كلینتۆن نەكراوە بە خەلَكی كێلە شین!.